# ڕەتکردنەوەی هەبوونی واتا لە بەرهەمی هونەریی، لە ڕوانگەی "ژاک دریدا"دا

محەمەد مەدەدپوور
لە فارسییەوە: غەریبە حوسێن*

دریدا، بە ڕەتکردنەوەی واتا گەیشت. مەبەست هەموو ئەوشتانەیە، کە لە ڕوانگەی پێشینیاندا بۆ هەموو بەرهەمێکی هونەریی هەیانبووە. لە ڕوانگەی ڕابردوودا هەندێکجار ئافرێنەری واتا بە هونەرمەند دەزاندرا و هەندێک جاریش، واتا پێچەوانەی ڕاستی کۆمەڵایەتیی، مێژوویی و سروشتیی بووە، هەروەها جاری واش هەبووە بەشێوەی سیمبولی یاخود بیسەر و دەقەکەی ئیلقا دەکات. بەهەمە حاڵ، بەرهەمی هونەریی لە جیهانی کلاسیکی هونەری ڕۆژئاوادا، جیهانی ئەفسانەیی و هونەریی دینی ڕۆژهەڵات بە لەخۆگری واتا دەزاندرا و شێوەی بەرهەرمی هونەری گەینەر و دەرخەری واتا بووە.

هیگل، هونەر بە دەرخەری دەروونێکی ڕەها دەزانێت. ئەم واتا و شێوەیە پێوەندی هونەرمەند لەگەڵ جیهان و مرۆڤدا دروست دەکات. بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی جیهانی بیروبۆچوونی پۆستمۆدێرن، واتاکەی بەرهەمی

هونەریش سلبی بووەوە، ئیتر لێرەدا خۆحەشاردانی واتا و بە شاراوە مانەوەی لە پشت شێوەدا بێ هۆکارە. لە ڕاستیدا ڕەخنەی ژاک دریدا، لە ئامادەبوونی واتای میتافیزیک لەودیو هزری پۆستمۆدێرنەی خۆیدا، پێوەندییەکی مەعنەویی و دەروونیی مرۆڤ لەگەڵ بەرهەمی هونەریی بۆ دنیای وەهمی دەگوازێتەوە. هەروەها بێواتایی و پەرێشانی لەسەر بەرهەمی هونەریی و پێوەندی مرۆڤایەتی لەگەڵ بەرهەم و هونەرمەنددا زاڵ دەبێت. میتافیزیکی کلاسیک و ڕۆمانتیکی ڕۆژئاوا بەردەوام ئامادەبوونی واتا لە گوتە و عەقڵدا گریمانە دەکا و بیردۆزی کلاسیک و ڕۆمانتیکی هونەر، چ بیردۆزی محاکات و چ بیردۆزی داهێنان؛ بەرهەمی هونەرییان بە هەڵگری واتا دەزانی، کە لە چوارچێوەی شێوەدا خۆی دەردەخات. بەرهەمی هونەریی، کۆی نێوان شێوە و واتا بووە. هەروەک هێگل دانیپێدانا و شێوەی بە دەرخەرێکی پلەیی لە واتادا ناساند، بەڵام لە بواری لێکهەڵوەشاندنەوەی پۆستمۆدێرنی دریدادا لە بنەڕەتدا ئەو تێگە زمانیانەی، کە لە بەرانبەر یەک دروست بوونە، حەقیقەتێکی خودییان نییە، تەنیا باس لە شتێکی تر دەکەن، دریدا بە خستنەڕووی ئەم تێگەیە، ویستی بەم دەرئەنجامە بگات، کە کێشەکان، گوتە و دەق، هەروەها لە بنەڕەتدا هەمووو بەرهەمێکی هونەریی، فەلسەفی و ئەوانی تر، هەڵگری ناوەندێکی واتایی و پێکهاتەیی بەم واتایە نین. بە بڕوای ئەو، لە دەقدا ناتوانین بە تاکە واتایەک بگەین، یان بە واتایەک سنووردار بین.

لە گریمانە فەلسەفەیی و زانستی کلاسیکی ڕۆژئاوادا، بەردەوام نووسین بەرزتر لە گوتن دەزاندرێت، لە میتافیزیکی ڕۆژئاوادا بەردەوام وا خەیاڵ کراوە، کە واتا لە ئامادەبوونی گوتە دایە و لە نووسین و نووسراودا نائامادەیە. لە کاتێکدا واتا نە لەگوتە و نە لە نووسینیشدا ئامادە نابێت و هیچ زمان و دەربڕینێک لە ڕێگەی هیچ نیشانەیەک ناتوانێت لە نێوان ئەم دوولایەنەی نیشانە، واتە دال و مەدلوول لێکچوونێک دروست بکات. دال بەردەوام بە هۆکار شرۆڤە دەکرێت، نەک گەیشتن بە واتا.

هەر گۆکردن و نیشانەیەک، خۆی واتایەکی نوێ دروست دەکات و

ئەم واتا و نیشانەیە، دووبارە نیشانەیەکی تر و تاهەتایی ئەم زنجیرە بێکۆتاییيە بەردەوام دەبێت.
بە بڕوای درێدا، نائامدەبوونی واتا، کۆتایی بە پرۆسـەی بیرکردنەوە ناهێنێـت، بەڵکو دەیخاتـە ناو گەرموگوڕییەکـی بەهێزتر. ئیتر ئەو واتایـەی، کەوا خەیاڵ دەکەین لە زەمینەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی، یان پێکهاتە، فۆڕم، مەبەست و شتانێکی وەک ئەمانە دروست بووە، کارەکە کۆتایی پێناهێت.
ئێسـتا سـەرنج دەخەینـە سـەر ناخودئاگایـی دەق و لە نووسـەر شـاراوە دەبین، بەم شـێوەیە درێدا دەگاتە سـنووری وێرانکاریی و لێکهەڵوەشـاندنەوەوە، بەم ڕێگەیەدا لە دەرکەوتە و شاراوەی واتای دەق، تێدەپەڕێـت و خەریکـی دۆزینەوەی ئامرازەکانی ناواخنی دەق دەبێت. هەروەک هایدگەر لە شێوازی هێرمۆنیکلی خۆی، وای کردبوو. هایدگـەر لـە پێگەی تێپەڕبـوون لە هەبوونـەوە بۆ بـوون، بەدوای واتایەکی تر دەگەڕا.
درێـدا دژی ئـەوە بـوو، کە خـود و پێکهاتەی ئەدەبیـی، لە دەقدا بوونـی هەبێت و بڕوای بە بوونـی واتایەکی کۆتایی لە دەقدا نەبوو. بـەڵام ئەدەبیاتی بـە ناوەندێکی سـەرەکی دەزانـی، چونکە مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ دەقێکی تر، یان ڕاسـتییەکی تر، ئەم ڕاسـتییە و بنەما سەرەکییە، نەریتێکە، کە هەموو بەرهەمێکی هونەریی شوێنی تێدا دەبێتەوە، بەڵام هەمان بەرهەم بە شێوەیەک لەگەڵ ئەم نەریتەدا دژایەتی دەکات، تا ئەوکاتەی تێکی دەشکێنێت.
لە سەردەمی پۆسـتمۆدێرنیزم، هەندێک لە نووسەرانی فەلسەفیی و ئەدەبیی، ڕەخنەی ئەدەبییـان، وەک ئەزموونێکی هونەریی دەزانی. لە کاتێکدا لە بیردۆزی کلاسـیکی و تەنانەت فەلسـەفەی کانتیش، بەرهەمی ڕەخنەگرانە پێوەندی بە ناوچە و ئەزموونی جوانیناسانەوە نییـە، ڕەخنەگری تێگەسـازییە، لـە کاتێکدا داهێنانـی هونەریی و جواننناسانە، لە بنەڕەتدا دوورە لە تێگە و بەرهەمە تێگەیییەکان.
درێـدا، کە سـەرنجی دەدایە لێکهەڵوەشـاندنەوەی بەرهـەم، دەقی هونەریـی و هـەر دەقێکی تر، بۆ ئەو، دەقی هونەریی و فەلسـەفیی

یان تێگەیی، هیــچ جیاوازییەکی نەبوو، بە بڕوای دریدا ئامادەبوونی حەقیقــەت لــە بەرهەمی هونەریی، یــان لە شــیانبوونی دۆزینەوەی حەقیقەتدا بە یارمەتی بەرهەم، بەهەمان ڕێژە، کە بانگەشەی وتەی زانســتی و فەلسەفی لە دۆزینەوەی حەقیقەتدا هەیەتی بێ بنەمایە. ئەو لە ڕاپۆرتی حەقیقەت لە وێنەکێشــاندا، کە لە زمانی ســزان بۆ هاوڕێکەی ئەمیل برنارد وەرگرتووە، ئەم بانگەشەیەی سزان بێلایەن یان بێ هۆکار دەزانێت.

بە تێڕوانینی جوانناسیی کلاسیک، دەربڕین و دۆزینەوەی حەقیقەت لــە هونــەردا کاری فەیلەســووفە، نــەک هونەرمەنــد، بــەڵام ئــەم ســەرکەوتنە چۆن بەدەســت دێت، مەگەر دەتوانین بە تێڕوانینێکی فەلســەفی ناوەوەی ناوچەی هونەریی ببینین و حەقیقەتی هونەریی لە چوارچێوەی تێگە و گوتە فەلســەفییەکاندا دابڕێژین؟ ســەرەڕای ئەم پرســیارەش، بیرمەندانی فەلســەفیی کەم تــا زۆر، هەوڵیانداوە حەقیقەتــی جێگیر یــان مێژووی هونــەر لە ســەردەمی پلاتۆن، بە جۆرێک شــرۆڤە بکەن. فەیلەسووف، بەردەوام خۆی بە پێوەست بە ناوچەی حەقیقەت زانیوە و هونەریشــی بە پلەیی؛ لە دوور و نزیکی حەقیقەتدا بینیوە. پلاتۆن وتەی عەقلیی یان لۆگۆسیی لەسەر وتەی خەیاڵیی یان ئەفسانەی چیرۆکی مۆتۆس، سەرووتر دەزانێ و مێژووی ٢٥٠٠ ســاڵەی فەلسەفە، کەمتازۆر شایەتی سەرکەوتنی بیرمەندان و وتەی عەقڵییە، لەســەر چیرۆکەکانی ئایینیی و ئەفسانەیییەکان. لە ڕوانگەی دریداوە، وتەی فەلســەفەی مێتافیزیکــی ڕۆژئاوا، بەردەوام پێداگری لەسەر ئەم خاڵە کردووە.

دەرئەنجــام لەگــەڵ قەیرانی فەلســەفە لە کۆتایی مێــژووی ڕۆژئاوا، بیرمەندانێکــی وەک نیچــە و هایدگــەر باس لە گەڕانــەوەی چیرۆک و مێتــوس دەکــەن. ئــەم گەڕانەوەیــەش پێوەندی بــە بەکارهێنای خەیاڵداڕێژی لــە ڕوانگەی ڕۆمانتیکەکانەوە نەبووە. نیچە و هایدگەر ئــەو بابەتە ڕەســەنەی، کە بە شــاراوەیی دەمێنێتــەوە بە هونەر و تەختە دەزانن. بە بڕوای ئەوان هونەر لە بەرانبەر ناشــاراوەیی، واتا حەقیقەت، کە بەرانبەرە بە وشەی (Aletheia) لە زمانی یۆنیندا. هەر

ئەم ناشاراوەییەیە، بنەمای شرۆڤە و تێگەیشتنی ڕەسەنایەتی هەموو زانستێک بووە، لە وانەش فەلسەفە.
وەک هایدگەر دەڵێت: بنەما یان سەرچاوەی بەرهەمی هونەریی لەگەڵ کامڵبوونی مێژووی هزردا ون بووە، ئەگەر سەرنج بدەینە هزری پلاتۆن دەبینین، کە ئەو حەقیقەتە ئاشکرایە (Mimesis) لە بەرانبەر محاکات دادەنێت. محاکات ناسینێکی دیاردەیی هەستیی، یان خەیاڵییە و دەربڕینی پێوەندییەک لە نێوان هەستەکان و سێبەریانە. بە بڕوای درێدا ناتوانین هیچ وتەیەکی فەلسەفی بدۆزینەوە، کە ڕێگە بە هونەر بدات شیانی ئەوەی هەبێت بۆخۆی بێتە سەر زمان. واتە بە زمانی حەقیقەتێکی ڕەسەنی ناتێگەیی قسە بکات. هایدگەر دەڵێت: ئەم زمانە تەنیا لە بەرهەمی هونەرییدا بوونی هەیە، کە شیانبوونی هەستیی ئامادەبوونێکی مرۆڤانە لە جیهاندا «بوون لە جیهان» بە مرۆڤ دەبەخشێت.
درێدا، بنەمای هەمووو جۆرە دەربڕینێکی تیۆریی، تەنانەت شاعیرانەش سەبارەت بە هونەر، لە خودی هایدگەریش قەبووڵ ناکات، چونکە پێی وایە کە تێکەڵێکە لە شێوەی تێگەیی حەقیقەت، کە هیچ جێگەیەکی لە کار و بەرهەمی هونەرییدا نییە. کانت لەو بڕوایە دابوو، کە جوانی بابەتێکی نەناسراوە و پێوەندی بە خودی خۆیەوە هەیە، بۆیە ناتوانین بیکەینە تێگەیەک. بە پێی ئەمە، بیری هونەریی و جوانناسیی، لە بیری عەقڵیی و تێگەیی جیایە، لەگەڵ هەموو ئەمانە، جیهانی بوونی جوانیی، ئۆبژەیی و پێوەست ناسینی جوانناسانە، پێناسە ناکرێت؛ بەردەوام بە نادیاریی دەمێنێتەوە و لە دەربڕینێکی تێگەییانە دوور دەمێنێتەوە و دەلالەت بۆ شتێکی دیار و تایبەت ناکات. بەڵام درێدا ئەم بیرە قەبووڵ ناکات، ئەو لەو بڕوایە دایە، کە حوکمی تیۆریی و ژیربێژیی، وەک حوکمی جوانناسانە قەبووڵکراوێکی سنووردارن؛ لە جیاتی ئەوەی، کە ناوچەیەکی گشتی دانایی بن. لە هەردووکیاندا بابەتی تایبەتیی، جێگەی بابەتی گشتیی دەگرێتەوە. کانت هەوڵیدا جوانیی لەو ئاستەدا لەگەڵ تێگە و ناتێگەیی شرۆڤە بکات، کە ئەمە کارێکی قورس و تێنەگەیشتوو و دژ دەردەکەوێت.

بـۆ هیگڵیش هونەر دەرخەری ڕووحە لە پێگەی سـۆبژە لە ئۆبژەدا و جێگەی هەسـتپێکردنی جوانناسانەیە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوەیە، کە شیانی دەربڕینی تێگەیییانەیە.

کاتێـک هونـەر لـە جیهانی هەسـتپێکراو تێپەڕ ببێـت، دەگات بە گەورەیـی و ئەمەش کۆتایی هونەرە. لێرەدا فەلسـەفە و ژیربێژ، بە پلەیـەک بەرزتر لە هونەر دەزاندرێن، چونکە لەم دووخاڵەدا ڕووح لە پێگەی سـۆبژەیەکی ڕووتدا دەردەکەوێت، هونەر لێرەدا ڕۆڵی هۆکار و یارمەتی وەردەگرێت، کەواتە ژیربێژ و بابەتی جوانناسیی لە یەکتر جیاوازن.

ئەم بیروڕایە بۆ نووسـەرانی پۆسـتمۆدێرنەی، وەک ئادۆرنۆ، شیاوی قەبـووڵ کردن نییە. ئـەو هونەری مۆدێرن بە سـەربەخۆ دەزانێت، نـەک پێـڕەو و ڕۆڵی دووەمی هونەر لە نەریتی هیگڵ؛ فەیلەسـووفە کلاسـیکەکان ڕەت دەکاتەوە؛ ئەو شتەی، کە لە مێژووی فەلسەفەی کلاسیکدا لە سەر هزرەکان زاڵ بووە. تەنانەت زمانی دین لە نەریتی فەیلەسـووفانی، وەک فارابی و ئیبن سـینا ڕۆڵی دووەمییان هەبووە و لە حوکمی نموونەکانی پێڕەو و پێوەسـتی فەلسـەفەیان زانیووە. هەڵبەتە فارابی، دین و فەلسـەفەی بە حەقیقەتێکی یەکانە دەزانی. بە بڕوای ئەو، پێغەمبەر فەیلەسووفێکی تەواوە، حەقیقەت و دینیش لە بوونی کامڵی ئەودا بەدی دێت.

بەهەمە حاڵ، درێدا بە لێکهەڵوەشـاندنەوەی فەلسـەفی خۆی هەوڵ دەدات، تـا بـە ڕەتکردنەوەی مێتافیزیـک، ئامادەبوونی واتا لە دەق و بەرهەمی هونەرییدا، بەم شـێوەیە، کە لە فەلسـەفەی کلاسـیکدا دەخرایـە ڕوو و بـە دوای ئەودا بە تێگەیی کردنی هەموو شـتێک لە دوای بەدەسـتهێنانی واتای شاراوە لە بەرهەم، یان دەق، یان وتەوە بووە، تا گەیشـتە دۆزینەوەیەکی نوێ. کەواتە لە فەلسەفەی درێدادا ناتوانین لە بەرهەمی هونەریی تێبگەین و لە ڕێگەی تێگەسـازییەوە بگەین بەحەقیقەتی ئەو و هونەرمەند، لەم ڕێگەیەوە بڵێت: کە وەک ئەوەی پەیامی خۆی بەدی هێناوە و گەیشتووەتە حەقیقەت.

درێـدا باوەڕی بەوە نییە، کە بەو شـێوەیەی کانـت، بیر بکەینەوە،

که هونەری ناتێگەیی لەگەڵ زانیاریی زانستی و فەلسەفی، واتایەکی جیاوازیان هەبێت. بەم شـێوەیە، کە زانسـت و فەلسـەفە لە ڕێگەی تێگەیشـتن دەگەنـە حەقیقـەت و هونـەر، هەندێک ڕێگـەی تر، بۆ لای حەقیقـەت دەکاتـەوە، بەڵکو بە بڕوای ئـەو، جیهانی هونەریش بابەتێکی تێگەیییە، هەر بەم شێوەیەی، کە لە زانست و فەلسەفەشدا هەیـە، بـەڵام ئەو تێگەیشـتنەی ئەوان ڕێگە بۆ حەقیقـەت نابات و ئەمە تەنیا بانگەشەیەکە. لێرەدا دەبێت هەردووکیان ناتێگەیی بن و لێکهەڵوەشاندنەوە ڕێگەیەکە بۆ ناتێگەیی کردنی ئەوان.
ئەم جۆرە بیرکردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەی حەقیقەتناسـانە و دۆزینەوەکانـی هایدگەر، واتە دۆزینەوە و ڕوونیەتی، لەگەڵ بوونی واتای ئیلیسا (Aletheia)یە. هایدگەر هەوڵدەدات، کە بەرەتکردنەوەی مێژووی مێتافیزیکی فەرمی ڕۆژئاوا، کە بەردەوام لە ئەودا ‹‹هەبوو- مەوجود›› داپۆشـێنەری ‹‹بوون- وجـود›› بووە و تێگەکانی، وەک بڕوا، شێوە، وزە، کردار، ویست و ژیان ... تاد، ‹‹بوون- وجود››یان داپۆشـیوە، بگاتە حەقیقەت. بە بڕوای ئەو، لە ئاسـتی هونەریشـدا پێکهاتەکانـی مێژوویـی و ئـەو شـتەی، کە پێوەندییـان بە خودی بەرهەمی هەنەرییەوە نییە، حەقیقەتی هونەریان داپۆشـیوە. کەواتە بـە پێی بڕوای درێدا، دەبێت بەشـێوەیەک لـە هونەر بڕواندرێت، کە ڕەها بێت، لە مێژووی هونەر و پێوەسـتییە جوانناسـییانەی ئەو. ئەگەر شتێکی وا بەدی بێت، حەقیقەت ئاشکرا دەبێت و لە سنووری فەلسەفە، مێژووی هونەر و جوانناسی فەرمی تێپەر دەبین و هەندێک کرانەوەی نوێمان بە ڕوودا دەبنەوە؛ واتا دۆزینەوەی بوون.
حەقیەتی بوون لەم ئاستەدا لە هەموو حەقیقەتێکی دەرەکی لە خۆیدا بێنیاز دەبێت. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین وا لە شتەکان بڕوانین، کە بە هیچ شتێکەوە پێوەست نییە و ئەمەش بۆخۆی بابەتێکی شاراوەیە. درێدا دەیەوێت لە وشـەکانی نامەی حەقیقەت لە وێنەکێشاندا بگاتە ئـەو دەرئەنجامەی، کە داواکاری و ویسـتی جوانناسـانەی کانت بۆ سـەربەخۆیی بەرهەمی هونەریـی و ڕووتییەتی واتای جوانناسـانە، بێلایەنـە. هەر چەنـدە، کە هەوڵیـدا هەموو بەرهەمێکـی هونەریی

بەرهەمی لە تێگەسازییدا نێوانگیری بکات و بۆ ئەم ئەرکە گرینگەش، خەیاڵــی ئەم شــتەی دەکرد. هەرلەبەر ئەوەش بــوو، کە ناتواندرێت ژێربێژی تێگەیی لەبارەی شــتێک بە کاربهێنین. کەواتە لەوانەیە ئەو شــتەش لە هەموو پێوەندییەکی لە گــەڵ جیهاندا جوودا بێت، بەڵام لە کاردا ئەمە خواستێکی ڕێگەپێنەدراوە. تەنانەت کانت بە جۆرێک لەگەڵ فۆڕم، ناوەڕۆک، شێوە، واتا و نرخی تێگەی واتایی لەم بەشە لە پێناسەی پێوەرەکانی جواننانسانە بە جۆرێک لە جۆرەکان، لەگەڵ میراتــی مێتافیزیک تێکەڵ بــووە و بەرهەمی هونەریی بە جۆرێک لە جۆرەکان لە خودی خۆی ڕادەکات و پێوەست دەبێت بە ئەو.
لەم ڕوانگەیەوە بەرهەمی هونەریی، بەردەوام لە فەزا و جیهانی خۆیدا شــرۆڤە دەکرێت، ئەمە هەمان ئەو ڕاستییەیە، کە گیان دەبەخشێت بە تێگەســازی بەرهەمی هونەریی، چونکە شتێکە خاوەنی واقیعە و دژایەتی کردن لەگەڵ تێگەســازیش بەهــۆی بوونی ئەم واقیعیەتەیە و ناتواندرێــت، وەک کانت بەشــێوەیەکی خەیاڵیــی، واتە بەرهەمی هونەری رەها لەم تێگەســازییە و بەبێ بوونی پێوەســتی لە شوێنی واقیعییەتــدا ببینیــن. لێرەدا درێدا گەیشــتە ئــەوەی، کە بەرهەمی هونەریی، وەک بەرهەمی فەلسەفی پێوەندی بە جیهانێکەوە هەیە و ناتواندرێت پەڕتووکێک سەبارەت بە ‹‹هیچ شت›› بنووسرێت، بەبێ بوونی سۆبژە و ئۆبژەیەکی فەلسەفیی. بەرهەمێک کە تێیدا بابەت و خاڵە سەرەکییەکان شاراوە بێت، ئەمە خواستێکی مەحاڵە! خواست و ویســتێک، کە لەسەردەمی ڕۆشــنگەریی و فەزای هونەری مۆدێرن بۆ گەیشتن پێی، هەوڵیان دەدا تا بەجۆرێک لە جۆرەکان، بگەن بە بابەتی رەها و بەردەوام جۆرێک ژێربێژیی پێوەســت لە ئارادایە، جا چ لە گوتەی فەلسەفی دابێت، یاخود لە بەرهەمی هونەرییدا بێت.
تێگەکانی جوانیی، بەرزیی، حەقیقەتی هونەریی و بەهاکانی هونەریی، ئەوە وەدەردەخەن، کە چ شتێک لە دەرەوە لە سەر ئەزموونە ڕووت و بێخەوشــەکانی هونەریــی ئێمــەدا کاریگەری دادەنێــت. بەردەوام پێوەندییــەک لە نێــوان بەرهەمی هونەریی و زەمینــەی دەرکەوتنی ئــەو، واتە چوارچێوە و زەمینە لــە کار دایە. فەزای ناو چوارچێوە،

زەمینەیەک دروست دەکات، کە لە دەرەوەی چوارچێوەکە دایە. لەم ڕوانگەیەوە فەلسەفەی هونەر و جوانیناسانەیی، بە جۆرێک لە دەرەوەی چوارچێوەکە دایە، بەڵام لە ناو چوارچێوەکە دەناسرێت و لە دەرەوەدا بابەتی هونەریی دەخاتە ڕوو و دەیەوێت ڕاستی بۆ ناو چوارچێوەکە ڕابکێشێ. تەنانەت فەیلەسووفانی وەک کانتیش بە ناچاریی، سوودیان لە نیشانەکانی چوارچێوەداڕێژی وەرگرتووە. پیرۆزمەندی و دەستپێنەگەیشتنی بەرهەمی هونەریی، بەردەوام لەگەڵ هێرشی ڕەگەزە دەرەکییەکان ئالودە دەبێت.
چارەنووسی هزری پۆستمۆدێرنی هونەریی بۆ لای وەرگرتن، ڕازاندنەوە، مێتافۆر، پەراوێزی بەرهەمی هونەریی و تەلارسازیی، ئاماژە بۆ ئەم خاڵە دەکەن. دریدا لە سادەیی هونەری مۆدێرن، کە دەرخەری هزر، ڕۆشنگەری و دەرئەنجامی تیۆری مۆدێرنی کانتی و عەقڵانخوازی مۆدێرنیتەیە و بە جۆرێک دەرخەری هێز و پێویستی دەستەڵاتی سەردەمی مۆدێرنەیە، خۆی بەدوور دەگرێت. ئەو حەزی فۆڕمالیست، بوونیادخوازەکان و هەموو جۆرە ڕەوتێکی ئەبستراکیستیۆنیستی و ئەبستراکتی هونەر، کە دەبێتە هۆی سەربەخۆی دەروونی هونەر و دەیەوێت هونەر بێئامانج و مەبەست دەربخات، یان مەبەستێکی بێمەبەست، وەک بابەتێکی رەها بە هەوڵدانێکی بێسوود دەزانێت. لە بنەڕەتدا ئەوەی، کە هونەر لە هەموو جۆرە بیروڕایەک، سوود و قازانجێک بە سەربەخۆ بزانرێت، ناگاتە هچ دەرئەنجامێک.
جوانناسی سەردەمی ڕۆشنگەریی بۆ دریدا نەشیاوە و ئەو هەوڵ دەدات لە فەلسەفەی هونەر لە ئاستی پۆستئێستاتیکی و لە فەلسەفەی زانست، لە ئاستی پۆستپۆزەتیڤیستی بدوێت. بنەمای گرینگی ئەم هونەرناسییەی دریدا، ڕەتکردنەوەی هەمان سەربەخۆی ڕۆشنگەرانەی هونەری مۆدێرنە. واتە ڕووکردنە بە لێکدانەبڕانی یەکجارەکی هونەر لە زانست و ئەخلاق. ئەمەش بڕوایەک بوو، کە تا پێش سەردەمی مۆدێرنێتە لە فەلسەفەی هونەردا جێگەی باس بوو. لە سەردەمی مەسیحیی سەتەکانی ناوەڕاست و قۆناغی ئیسلامیی، هونەر دەرخەری بیرکردنەوە و دینی سەردەم بووە. شیعر و چیرۆک، بیناسازی کلێسا

و مزگەوت، شـێوە و وێنەکان، تەنانەت مۆسیقا، خەتخۆشیی و هەر هونەرێکـی تر، دەرخەری هزری دینی سـەردەمی خۆیەتی، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرنی دوای ڕێنسانس، هونەر سەربەخۆیی خۆی لە دین وەرگرت، ئەم هونەرە دەبێت تەنیا دەرخەری خودی خۆی بێت.

لێـرەدا هونەری خۆرئاوایی، بە شـێوەیەکی ڕێژەیـی، وردە وردە لە نیـوەی دووەمی سـەتەی نۆزدەیـەم لە سروشـتیش ڕادەکات و ڕوو دەکاتە ئەبستراکتێکی ڕووت لە بەرهەمی فۆرمالیستەکان. فەلسەفەی کانتیی هونەری مۆدیرن، کە بەرهەمی هونەریی و ئەزموونی هونەریی، بە درزێک و دوورکەوتنەوە لە حەقیقەت دەناسی، هیچ کات زمانێکی سـەربەخۆی نەبووە. هونەرناسـی پۆسـتمۆدێرنی درێـدا، هیچ کات گەڕانـەوە نەبـووە بـۆ پێوەندی هونـەر لەگەڵ جیهانبینیـی دینی و ئیلاهییەتی مەسیحیی، بەڵام بەهەمە حاڵ ئەزموونی هونەریی لەگەڵ پارادایم، ڕێسای تێگەیی و دەربڕینی سەردەمی داهێنانی ئەم بەرهەمە هونەرییە پێوەست کرد. ئەو لە بیردۆزی ڕووتییەتی مۆدێرنی هونەر، خۆی لادا.

درێدا هونەری بە ئەزموونێکی بەرز دەزانی، بەرزتر لە هەر بەربەستێک، کە لە سـەر ڕێگـەی دابێـت، وەک کـردار و بەرپەرچدانەوەیەکە لە نێوان خەیاڵ و زەوق. هەموو بەرهەمێکی هونەریی، وەک ناوچەیەکی بێسنووری واتاییە، کە زۆر واتای هەیە. بۆ درێدا ئەزموونی هونەریی، لەگەڵ جیهانی ناڕوون و شاراوەدا پێوەست دەبێت، نەک بەو واتایەی، کە هیچ واتایەک نەبێت. کەواتە ئەو هیچ پێوەندی لەگەڵ گومانکارانی قۆناغی کۆتایی فەلسەفەی یۆنانیی-ڕۆمیی نییە، بەڵکو وەک میشێل فۆکۆ، پۆل فیرابەند، تامس کۆهن و فەیلەسـووفانی پۆستمۆدێرن، لـە پێگەی ڕەتکردنەوەی واتای کۆتایی دایە. لە لێکهەڵوەشـانەوەی درێـدادا، بـاس لـە بێواتایی نییە، بەڵکو جەختکردنەوەکە لەسـەر زۆربوونـی واتـای دەق، یـان بەرهەمـی هونەرییە. بـۆ نموونە ئەو واتایانەی، کە لە ئۆبژەیەک وەردەگیرێن، هەڵقوڵاوی ئەنجامی زانستی ئەوە، هەروەک پراگماتیستـەکان پێی گەیشـتون. لێرەدا حەقیقەت، قازانـج و بەرژەوەنـدی لەگەڵ یەکتردا پێوەسـت دەبن. لەمەودوا زۆ

لــه پێڕەوانی هزری پۆســتمۆدێرن بــۆ حەقیقەت بیــردۆزی دووبارە دەرکەوتــن و لێکچوونیــان لەگەڵ واقیعی زانســت قەبــووڵ ناکەن. ئیتر هزر بە پێچەوانەی بیردۆز و فەلســەفەی دێکارت، وێنەدانەوەی واقیعیەتی جیهانی ئۆبژەکان نییە، فەلسەفەی پۆستمۆدێرن دەتوانین بە فەلســەفەی (هەڵاتن لــە وێنەدانەوە- اینە گریــز) ناوبێژ بکەین، لەم ڕەوتە فەلســەفییانەدا زانســت وەک ئەوە نییــە، کە لە جیهانی واقیعدا لێکدەچێت. بە گومانی لێکهەڵوەشێنەرەکان، هێشتا پرسیاری فەلسەفە لە بارەی بوون، وەک ڕابردوو هەر ماوەتەوە. بەڵام دەربڕینی پۆستمۆدێرن بۆ جیهان و بوون، جیاوازە.

ڕەتکردنــەوەی پۆســتمۆدێرنی بیــردۆزی پلاتۆنیــی- دێکارتیــی لە فەلســەفەی هونەر و جوانناســیدا تەشــەنەی کردووە، هەروەک لە هزری درێدادا دەبینرێت، ئەو دوالیزمی دێکارتیشی ڕەتکردەوە و بەم شێوەیە هەموو دەکەوێتە نێو ناڕوونی و شاراوەی سۆبژێکتیڤ، بەڵام لــە لایەکی تر، ڕێگە بۆ هەندێک ئاســۆی نوێ لــە هزری بیرمەنداندا دروست دەکات، کە دۆزینەوەی حەقیقەتیان لە هونەردا دەبینێ.

سەرچاوە:
http://www.islamicartz.com/story/YwOo9U6PF_NRD-gAhd-gLIwgSAYC0P8dKqEVwH27zIUc

**غەریبە حوسێن:**

لە (١٩٨٩) لە یەکێک لە کەمپەکانی پەناخوازیی، لە شاری پیرانشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاش باڤ، لەدایک بووە. بەر لەوەی لەدایک بێت، باوکی لە یەکێک لە شەڕەکانی دژ بە ڕژێمی بەعس، لەدەڤەری باڵەکایەتی شەهید کراوە. بۆیە دوای ئەوەی خانەوادەکەی مۆڵەتی پەناخوازیی لە حکومەتی ئێران وەردەگرن، لە ڕۆژهەڵات جێگیر دەبن و غەریبەش هەر لەو شارەی کە لەدایک بووە، خوێندنی خوێندنگەیی تەواو دەکات و دوای تەواوکردنیشی خوێندنگەش ساڵی ٢٠٠٩، لەگەڵ خانەوادەکەی دەگەڕێنەوە بۆ باشوور و لەشاری سۆران نیشتەجێ دەبن.

توێژەر، دەرچووی پلەیەکی فاکەڵتیی پەروەردەیە، لە بەشی پەروەردە و دەروونزانیی- زانستگەی سۆران. سەرەڕای کاروپیشەکەی، وەک یاریدەدەری توێژەر لە زانکۆی سۆران، توانیویەتی پەڕتووکێکیش بەنێونیشانی ‹‹ژاک لاکان›› لە فارسییەوە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردیی. شایەنی باسە غریبە حوسێن، هەر لەزانکۆی سۆران کاندیدی خوێندنی ماستەرە لە بواری دەروونزانیی.